ئەبێت لەیادی ٢٤٠ ساڵەی سلێمانی جلی ڕەش بپۆشین نەک جلی ئاڵاو واڵا

لەماوەی مێژووی ٢٤٠ ساڵەی سلێمانی هێندەی ئەم ١٥ ساڵەی ڕابردوو شەڕانگێزی و تاوان بەرامبەر ژینگەی سلێمانی نەکراوە، مولکی گشتی بەهەدەر نەدراوە و سروشتەکەی نەشێوێندراوە.
سەرەڕای ئەو سەردەمە تاریکانەی کوردستان و سلێمانی لە سایەی دیکتاتۆریدا پێیدا تێپەڕیون، بەڵام هیچ دەمێک هێندەی ئێستا سروشت و موڵکی سلێمانی ڕووبەڕووی تێکدان و داگیرکردن نەبووەتەوە. لە سەردەمی فەرمانڕەوا یەک لە دوا یەکەکانی شاردا، سیستمی ئاوەڕۆ و زێرابیان دروستکرد، سەوز کردن هەمیشە ستراپژ بووە، لەساڵانی چلەکاندا باخی گشتیان دروستکردووە، لەشەستەکاندا شاخیان پڕ کردبوو لە سنەوبەر، شەقامەکانیان گوڵڕێژ کردبوو، ئەلەکتریکیان فەراهەم کردووە، کارێزەکانیان بوژاندۆتەوە، دەستکاریکردنی موڵکی گشتی هێڵی سوور بووە، شار موڵکی هەموو دانیشتوانەکانی بوو، سەیرانگاو هاوینەهەوار و سەرچاوە ئاوییەکانی بۆ خەڵکی شار بووە، شاخ و دەشت و دۆڵی وەک پێکهاتەی سروشتییەکەی شوناسی خۆی هەبوو، خانوو لە کەرەسەی سروشتی ئەم ناوچەیە بنیاتنرابوو، کۆمەڵگاکانی شار خۆیان بەخاوەنی شار زانییوە و کاریان بۆ کردووە، خانووەکانی خۆیان کردۆتە جێ خوێندن و کتێبخانە و گەشەسەندنی کلتووریی.

لە ماوەی ئەم دوو دەیەدا ولەژێرسایەی فەرمانڕوای کوردا شاری سلێمانی شوناسی ڕاستەقینەی خۆی لێسەندراوتەوە، هیچ خەسڵەتێکی شاری تێدا نەماوە، نە سیمای شارە دێرینەکەی و نە وەک شارێکی مۆدرێن گەشەی کردووە .
چی تر شار موڵکی دانیشتوانەکەی نییە، سروشتەکەشی لێ زەوتکراوە، ئاوی سازگار وهەوای پاکژ و پانتایی و سەوزایی و شاخ و گرد و هاوینەهاوار و سەیرانگاکانی خراوەتە سەر وەبەرهێنەری حزبە فەرمانڕەواکان. کارێز و کانییەکان لە پێناو باڵاخانەکان هەمووی کۆنکرێت کراون و کوێر کراونەتەوە. پانتاییە سروشتی و سەوزاییەکانی بە تەلی دڕکاوی و سیاج و چەکدار تەندراون و بەزەبری چەک وترساندنی دانیشتوانەک ی داگیرکراون، لەدوای سەرمەسیتییەک ماستەر پلانەکان لە شەو ڕۆژێکدا دەگۆڕێت ، شەهوەتی خڕکردنەوەی سەرمایەی دەستەڵاتدار و وەبەرهێنەرەکانیان دادەبارێتە سەر پانتایی شار لەسەر حسابی ژینگەو سروشت و تەندروستی شارنشینەکانی.

خاپوورکردنی سروشتی گۆیژە و (سیبەکانی) سلێمانی بەردەوامی هەیە، داگیرکاری موڵکەکانی پەروەردەو فێرکردنی مناڵان بەردەوامە، بڕینی سەرچاوە ئاوییەکانی سەرچنار و پلانی دروستکردنی باڵەخانەکان تێیدا بڕیاری لەسەردراوە، بڕینەوەی هەزارەها داری بەرداری باخەکانی قەرەتۆغان بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون چۆتەبواری جێبەجێ کردنەوە.
گەر بەم شێوەیە شارو ژینگەی سلێمانی داگیربرێت و بشێوێنێبرێت یادی چی بکرێتەوە؟
داگیرکاری موڵکی گشتی وسروشتەکەی؟ شێواندنی سیماکەی؟ تێکدانی ژینگەکەی؟ بلاوکرنەوەی هەزارەها پەتا بەهۆی شێواندنی ژینگەکەی؟ خزمەتگوزارییەکانی لە ئاوی پاکژ و ووزەی کارەباکەی؟ هەوا پڕ دوکەڵ وگازە ژەهراوییەکانی؟ یاخود بە کۆنکرێتکرندنی شار و پلاستیکڕێژ کردنی؟

لە ئێستادا و لەیادی ٢٤٠ساڵەی دروستبوونی شاری سلێمانیدا، باجی بێدەنگ بوون هێندە قورس کەوتۆتەوە کە هەر دەستدرێژییەک دەکرێتە سەر موڵکی گشتی و پانتایی شارەکە دەستدرێژییە بۆ سەر مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی سلێمانی.
جێی خۆیەتی لەم یادەدا دوور لە پیاهەڵدانی درۆ، هەڵوەستەیەکی ڕژد لەسەر دۆخی داگیرکاری، قۆرخکاری و تێکدانی سروشت و موڵکی سلێمانی و شارەکانی تری هەرێم بکەینەوە.
تیشک بخەینە سەر ئەو هۆشیارییە ژینگەیی و مەدەنییەی لای هاوڵاتیانی شارەکە چەکەرەی کردووە و سەدان چالاکی بوارەکەی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە لە پێناو بەرگریکردن لە سروشت و موڵکی سلێمانی، کە لەم ساڵدا فشارێکی مەدەنیی بێ وێنەیان خستە سەر دامودەزگا حیزبی و حکومییەکانی سلێمانی.
هەوڵەکانمان بەوپەڕی تواناوە درێژە پێ دەدەین تا ئەوکاتەی کە سنوورێک بۆ داگیرکاری و تێکدانی سروشت و موڵکی سلێمانی دادەنرێت.